# ڕەنگدانەوەی سەبکی بازگەشت لە شیعرەکانی وەفاییدا

**فەرهاد عزیز حسن [١]، هیوانورالدین عزیز [٢]**

[١، ٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی مەخموور، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: farhad.Hassan@su.edu.krd

## پوختە

بەپێی مێژووی ئەدەبی کوردی، جوگرافیای زارەکانی زمانی کوردی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی لە قۆناغی ئەدەبی کلاسیکدا هەبووە و ئەدەبی ئەم قۆناغەی زمانی کوردی بەپێی جوگرافیای زارەکانی زمانی کوردی بەسەر چوار قۆناغی ئەدەبی دابەش بووە. هەر یەک لەم قۆناغانە خاوەن تایبەتمەندی دیاری ئەدەبین. بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبی کوردی لەم قۆناغەدا بەر کاریگەری ئەدەبی میللەتانی دراوسێ بەتایبەتی ئەدەبی ئێرانی کەوتووە، بۆیە بە شێوەیەکی بنچینەیی لە ڕووی سەبکی ئەدەبییەوە ئەم ئەدەبە بە پێودانگی سەبک شوناسی ئەدەبی کلاسیکی ئێرانی هەڵدەسەنگێنرێ. لەم نێوەندەدا قۆناغی دووەمی ئەدەبی قوتابخانەی ناسراو بە بابان کە نالی و هاوڕێکانی دایانمەزراند، لەسەر بنەما و تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی بنیات نراوە. سەبکی بازگەشتی ئەدەبی لە سەدەی دوازدەم و سێزدەم لە ئێران سەری هەڵداوە و لە ئەدەبی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە. وەفایی یەکێک لە شاعیرە ناودارەکانی قوتابخانەی بابانە و لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێ بەپێی ڕێبازی وەسفی و شیکاری، ڕەنگدانەوەی بنەما و تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە دەستنیشان و تاوتوێ بکرێن.

**وشەی سەرەکی: سەبک شوناسی، ئەدەبی کلاسیکی کوردی، سەبکی بازگەشتی ئەدەبی، وەفایی**

## Abstract

Reflection of the literary return style in wafaee poetry

The geographical distribution of Kurdish dialects is directly related to the development of Kurdish literature in the classical period and the related literature of Kurdish language is divided into four separate literary periods based on the geography of Kurdish dialects. Each of these periods has its own characteristics. Generally, Kurdish literature has been widely influenced by the literature of its neighboring nations, especially Persian literature. This is the reason why Kurdish literature is generally evaluated in terms of stylistics based on its characteristics and based on the stylistic coordinates of ancient Persian literature.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٨/٢ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/١٠/٣ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | farhad.Hassan@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٠ م. فەرهاد عزیز حسن، د. هیوانورالدین عزیز، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY- NC_ND 4.0 |

According to the history of Kurdish literature, ancient Kurdish literature is divided into four periods: Northern, Middle, Southern and Gorani.

The Middle Ages, during the twelfth century, the poet Nali and his followers, founded the basics of a poetry school which is known as Baban School of Poetry, and are known as the first generation of this period, they followed Khorasani, Iraqi, and Indian poetic styles.

But the poets of the second generation of the Baban poetic school followed the style of literary return. The style of literary return emerged in Iran in the twelfth and thirteenth centuries and influenced Kurdish literature. Vafai is one of the famous poets of the second generation of Baban School of Poetry. The current research through using descriptive and analytical research methods, will investigate the influence of literary return style and the characteristics of this style in the poems of Vafai.

**Key words:** Stylistics, Kurdish Classical Literature, Literary return style, Vafai.

## چکیده

بازتاب سبک بازگشت ادبی در شعر وفایی

پراکندگی جغرافیایی گویشهای زبان کوردی ارتباط مستقیمی با گسترش و پیشرفت ادبیات کوردی در دورەی کلاسیك داشته و ادبیات ایندورەی زبان کوردی برپایەی جغرافیای لهجەهای زبان کوردی به چهار دورەی ئەدەبی مجزا تقسیم شده است. هرکدام از این دورەهاویژگیهای مخصوص به خودرا دارند. بەطور گسترده ادبیات کوردی در این دوره تحت تاثیر ادبیات ملتهای همجوار خود بخصوص ادبیاتفارسی قرار گرفته است. همین سبب شدەاست که عموما از لحاظ سبکشناسی، ادبیات کوردی برپایەی ویژگیها و براساس مختصات سبکشناسی ادبیات کهن فارسی ارزیابی شود.

بر اساس تاریخ ادبیات کوردی، ادبیات کهن کوردی بر چهار دورەی شمالی، میانی، جنوبی و گۆران تقسیم شدەاست. دورەی میانی کەدر قرن دوازدهم به مکتب شعر بابان معروف شده و نالی شاعر قرن دوازدهم و پیروانش پایەهای آن را بنیاد نهادند و به نسل اول این دورەشناختەشدەاند، از سبك های شعری خوراسانی، عراقی و هندی پیروی می کردند. اما شاعران نسل دوم مکتب شعری بابان از سبك بازگشت ادبی پیروی کردند. سبك بازگشت ادبی در قرن دوازدهم و سیزدهم در ایران پدید آمد و بر ادبیات کوردی تاثیر گذاشت. (وفایی) یکی از شاعران مشهور از نسل دوم مکتب شعری بابان می باشد که در این پژوهش با استفاده از روش تحقیق وصفی و تحلیلی،تاثیرگذاری سبك بازگشت ادبی و مختصات و ویژگیهای این سبك را در اشعار این شاعر کورد مورد تحقیق قرار می دهیم.

**واژەهای کلیدی:** سبك شناسی، ادبیات کلاسك کوردی، سبك بازگشت ادبی، وفایی

## پێشەکی

شیعری کلاسیکی کوردی بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری شیعری کلاسیکی فارسی و عەرەبی لەسەرە، بەتایبەتیش ئەدەبیاتی فارسی ( شیعرەکانی حافز و سعدی) شیرازی، هەر بۆیە شاعیرانی کلاسیکی کوردی لەسەر شێوازی ئەوان شیعریان نووسیوە، ئەم کاریگەر بوونە باڵی بەسەر تەواوی غەزەل و قەسیدەی کلاسیکی کوردیدا کێشاوە، شیعری کلاسیکی فارسی بەچوار شێواز(سەبک) نووسراوە( سەبکی خۆراسانی، سەبکی عێراقی، سەبکی هیندی، سەبکی بازگشت). وەفایی وەک هەر شاعیرێکی کلاسیکی کوردی بەدەر نەبووە لە کاریگەری شاعیرانی ئەدەبیاتی فارسی و تەنانەت شاعیرانی کلاسیکی کوردیش، ئەم لێکۆلینەوەیە بەناونیشانی ((ڕەنگدانەوەی سەبکی بازگشت لە شیعرەکانی وەفاییدا))یە.

**پێکهاتەی لێکۆلینەوە:** ئەم لێکۆلینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام پێکدێت.

لە بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی گشتی باس لە سەبکی بازگشت و تایبەتمەندییەکانی ئەم سەبکە و ناوەرۆکی شیعری سەبکەکە و ڕەنگدانەوەی سەبکەکە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا کراوە.

لە بەشی دووەمدا: بە شێوەی پراکتیک باس لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگشت لە شیعرەکانی وەفاییدا لە رووی روخسار و ناوەرۆکدا کراوە.

**ڕێبازی لێکۆلێنەوە:** ئەم لێکۆلینەوەیە پەیرەوی ڕێبازی ڕەخنەی( وەسفی و شیکاریی)کردووە.

**ئامانجی لێکۆلینەوە:** دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگەشتی ئەدەبییە لە شیعرەکانی وەفاییدا.

**سنووری لێکۆلینەوە:** سەرجەمی شیعرەکانی وەفاییە.

**گرفتی لێکۆڵینەوە:** گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە کەمی سەرچاوە بوو بە زمانی کوردی دەربارەی سەبکە شیعرییەکانی ئەدەبیاتی فارسی.

**سوودی لێکۆڵینەوە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە خزمەتێکی زیاتری لێکۆڵینەوە شێوازناسییەکان دەکات بەتایبەتیش نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگەشت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چونکە تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەک نییە دەربارەی ڕەنگدانەوەی ئەم سەبکە شیعرییە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا.

**ئەنجامی لێکۆڵینەوە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە وەک هەر لێکۆڵینەوەیەکی دیکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە کە لە کۆتایی لێکۆلینەوەکەدا بە شێوەی خاڵ خراوەتە ڕوو.

## ١. بازگەشتی ئەدەبی

### ١.١: مێژوو

بازگەشتی ئەدەبی وەکوو سەبکێکی ئەدەبی لە سەدەی دوازدەم و سێزدەم لە ئێران سەری هەڵداوە. بێگومان گۆڕانکاری لە سەبک و شێوازی ئەدەبی و دەرکەوتنی سەبکی نوێ، بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەوە گرێدراوە، واتا کاتێک گۆڕانێکی بنچینەیی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە جوگرافیاییێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن، ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر بارودۆخی کولتووری و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەوە. ((سەبکی بازگەشتی ئەدەبی لە ماوەی دوو قۆناغی مێژوویی، واتا سەردەمی ئەفشارییە و زەندییە لە دەوروبەری ١١٤٨ی کۆچی تاکوو ١٢٠٠ کۆچی دەرکەوتووە.))[ شاملو، و دزفولیان، ١٣٨٨: ٩٠]. بارودۆخی شێواو و ئاڵۆزی سیاسی ئێران دوای ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی لەسەر دەستی ئەفغانەکان[ مختار ابراهیمی ، ١٣٩٢: ١٣]. وەکوو زۆربەی کایەکانی دیکەی ژیان، لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیشدا پێویستی گۆڕانکاریی لە سەبک و شێوازی ئەدەبی بەدوای خۆیدا هێنا. سەبکی ئەدەبی باوی سەردەمی سەفەوییەکان، سەبکی هیندی بوو. سیروس شەمیسا لە کتێبی (سەبک شناسی شعر)دا ئاماژە بەوە دەدا و دەنووسێ: لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا شۆڕشێکی کولتووری گرنگ لە ئەدەبی ئێرانیدا سەری هەڵدا و ئەویش دەرکەوتنی سەبکی هیندی بوو کە نزیکەی ١٥٠ ساڵی خایاند واتا لە سەرەتاکانی سەدەی یازدەم تاکو ناوەڕاستی سەدەی

دوازدەم سەبکی باو و زاڵی ئەم سەردەمە بوو.[ شمیسا ، ١٣٨٢: ٢٨٤]
لە سەردەمی سەفەوییەکاندا زمان و ئەدەبی فارسی بەرەو هیندستان هەڵکشا و بەهۆی گەشتی شاعیران لە ئێرانەوە بۆ هیند و هەروەها پشتیوانی دەرباری دەوڵەتی سەفەوی لە شێوازی شیعری فارسی کە لە هیندستان پەرەی سەندبوو، سەبکی هیندی لە ئێراندا گەشەی کرد.[ لنگرودی، ١٣٦٧: ٢٩-٣١]
شاعیرانی پێش سەردەمی سەفەوی ئەهلی مەکتەبخانە و خانەقا بوون و لە بنچینەدا شاعیری پیشەیان بوو، بۆیە بە بەردەوامی خەریکی خوێندن و خوێندنەوە و فێربوون بوون.[ لنگرودی ، ١٣٦٧: ١١٧]. کەچی شاعیرانی سەردەمی سەفەوی خەڵکی سادە و ساکار و بازاری بوون، بۆیە ((ناچار نەبوون خۆیان فێری بنەماکانی هونەری شیعری ڕابردوو وەکو زانستی صرف و نحو، کێش و سەروا، فەلەکناسی و ...هتاد بکەن و بەم هۆیەوە شیعر لە ناو ئەهلی مەکتەب و زانست بۆ ناو ئەهلی پیشە و بازار گوازرایەوە.))[ پارسا ، ١٣٩٥: ٩]. بەم هۆیەوە شیعری فارسی لەم قۆناغەدا ڕووی لە لێژی کرد، چونکە ((زێدەڕۆیی لە دۆزینەوەی مانای نوێ، بووە هۆی ئەوەی وردەوردە تێگەیشتن لە شیعر ئاستەم بێ و هەروەها دابەزینی شیعر و شاعیری بۆ ناو خەڵکی نەخوێندەوار و بازاری و سەرڕێژ بوونی زاراوە و وشەی ئاسایی ناو خەڵک بۆ ناو شیعر بوونە هۆی دابەزینی ئاستی وێنەی شیعری و بەم چەشنە سەبکی هیندی لە ڕەواج کەوت.))[ شمیسا، ١٣٧٦: ١٩١].
شیعری ئەم قۆناغە بۆن و بەرامی شکۆمەندانەی شیعری خەیام، خاقانی، انوری، سەعدی و حافیزی شیرازی لێوە نەدەهات، بۆیە ئەم لاوازی و سست بوونە هەر بەر لە ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی، زەمینەکانی گۆڕانکاریی لە شێواز و سەبکی ئەدەبی هیندی خۆشکردبوو. لە کتێبی (تاریخ ادبیات ایران)دا هاتووە: لە کۆتایی سەدەی دوازدەم لە ئێراندا بزاڤێکی ئەدەبی نوێ باو لە بواری ئەدەب سەریهەڵدا و بەهۆیەوە شیعری سەبکی هیندی لە ڕەواج کەوت.[ رضا زادە ، ١٣١٣: ١٨٣]. ئەم بزاڤە دەبێتە بنەمایەک بۆ دەرکەوتنی سەبک و شێوازێکی ئەدەبی نوێ کە دواتر بە سەبکی بازگەشتی ئەدەبی ناسراوە. بەم پێیە ((شێوازی شیعری سەبکی بازگەشت هەر لەم سەردەمەدا چەکەرەی کردبوو و کۆمەڵە شاعیرێکی وەکوو مشتاق اصفهانی، آذر بیگدلی و عاشق لە ئەنجوومەنی ئەدەبی ئەسفەهاندا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو.))[ شمیسا ، ١٣٨٢: ٣٠٥].
لەناو ئەم بێسەروبەریە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا و لە ئەنجامی دابەزینی ئاستی شیعری سەبکی هیندیدا کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی سەفەوی و دوای ڕوخانی ئەم دەوڵەتە هاتبووە ئاراوە، کۆمەڵەی شاعیرانی سەرەوە و هەروەها کۆمەڵێکی دیکەی وەکوو ((صباحی کاشانی، والە داغستانی و حزین لاهیجی بڕیاریاندا بە شێوازێک شیعر بنووسن کە شکۆمەندی ڕۆژگاری ڕابوردوو بۆ ئەدەبی فارسی بگەڕێنەوە)) [پارسا ، ١٣٩٥: ٩]. بۆیە ئەم شاعیرانە پێیانوابوو بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە دەبێ بۆ ئەدەب و شێوازی ئەدەبی شاعیرانی سەبکی خوراسانی و عێراقی بگەڕێنەوە و لەسەر شێوازی ئەوان شیعر بنووسن.[ فریور ، ١٣٤١: ٣٢١].
لە بەرگی سێیەمی کتێبی (سبک شناسی)دا محمدتقی بەهار ئاماژە بە ناوی (عبدالرزاق دنبلی) دەکا کە شاعیرێکی جوان نووس و خاوەن هەست و خەیاڵ پاڵاو بووە و شیعرەکانی لە شێواز و سەبکی شاعیرانی عێراق و سەردەمی سەلجووقییەکان نزیک بووە و کتێبێکی بە ناونیشانی (تجربة الاحرار و تسلیة الابرار) نووسیووە. ((ئەم کتێبە یەکێک لە شاکارە مەزنەکانی سەدەی دوازدەمی کۆچییە و لە ڕووی شێواز و سەبکی نووسینەوە، لاسایی شێواز و سەبکی وەساف و سەعدی شیرازی کردووەتەوە و سەرجەم تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی تێدا بەدیدەکرێ و دەکرێ لە ڕیزی یەکەمینی ئەو بەرهەمانە دابنرێ کە بە سەبکی بازگەشت ناسراون.))[ بهار ، ١٣٤٩: ٣٢٠].
لە پێناسەکردنی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی دەبێ بگووترێ ئەم سەبکە لەسەر بنەمای گەڕانەوە و لاساییکردنەوە لە سەبکی ئەدەبی خوراسانی و عیراقی و دووركەوتنەوە لە سەبکی هیندی دامەزراوە. ناونانی ئەم سەبکە بە بازگەشتی ئەدەبی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ((شاعیرانی ئەم قۆناغە شێوازی ئەدەبی سەبکی عێراق و سەبکەکانی پێشووتریان بە بنەما داناوە و تایبەتمەندییەکانی ئەم سەبکانەیان لە شیعر و ئەدەبدا پێڕەو کردووە.))[ شاملو، و دزفولیان، ١٣٨٨: ٩١]. ئەم سەبکە پوختەی سەبکی خوراسانی و عێراقییە. لە بنچینەدا ئەم سەبکە دوو قۆناغی هەبووە:
یەکەم: نیوەی یەکەمی سەدەی دوازدەم بۆ سەدەی سێزدەمی کۆچی
دووەم: نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەم تاکوو کۆتایی سەردەمی قاجار[فریور ، ١٣٤١: ٣٢٢].
مختار ابراهیمی لە توێژینەوەیەکیدا سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی، ئەم دوو قۆناغە بە دوو ئاراستەی یەک سەبک

دەناسێنێ:

یەکەم: ئاراستەی ئەفشارییە و زەندییە

دووەم: ئاراستەی قاجارییە[مختار ابراهیمی ، ١٣٨٣: ٢٤].

هۆی دەسنیشان کردن و ناونانی ئەم دوو ئاراستەیە بۆ پشتیوانی دەربار و دەسەڵاتی پاشاکانی زەندییە و ئەفشارییە و قاجارییە دەگەڕێتەوە، کە لە بنچینەدا دەورێکی کاریگەر و گرنگیان لە بەرەوپێشچوونی ئەدەب لەم قۆناغەدا هەبووە. لە کتێبی (سبک شعر در عصر قاجار)دا ئاماژە بەوە دراوە کە بەتایبەتی دەرباری پاشاکانی قاجار ڕەواجیان بە بازاری شیعری ئەم قۆناغە دا، چونکە پاشاکانی قاجار شاعیر بوونە و هانی شاعیرانیان داوە و دیاری بە نرخیان پێشکەش کردوون.[تجربه‌کار، بانو نصرت، ١٣٥٠: ٤٣].

لە ئاراستەی یەکەمدا قاڵبی غەزەل پتر باو بووە و کۆمەڵە شاعیرێکی وەکوو آذر بیگدلی، طبیب اصفهانی، هاتف و صباحی بیگدلی ناوە ناسراوەکانی ئەم ئاراستەیەن و لە ئاراستەی دووەمدا قاڵبی مەسنەوی و قەسیدە پتر لە قاڵبی غەزەل باو بوون و دەکرێ ئاماژە بەناوی نشاط، مجمر، صبای کاشانی، فروغی، یغمای جندق و شیبانی وەکوو شاعیرە ناودارەکانی ئەم ئاراستەیە بکەین.[ ابراهیمی ، ١٣٩٢: ١٦]. بێگومان قاڵبە شیعرییە باوەکانی سەبکی خوراسانی و سەبکی عێراق جیاواز بوونە و شاعیرانی سەبکی بازگەشت لە قەسیدەدا لاسایی سەبکی خوراسانی و لە غەزەلدا لاسایی سەبکی عێراقیان کردووەتەوە.

## ١. ٢: ڕەگەزەکانی سەبک شوناسی

هەر یەک لە سەبک و شێوازە جیاوازەکانی ئەدەبی لە ڕێگەی کۆمەڵە ڕەگەزێکی دیارەوە لە سەبکەکانی دیکە جیا دەکرێنەوە ئەم ڕەگەزانە پەیوەستن بە فۆڕم و ناوەڕۆکی شیعرییەوە و بەهۆی ئەمانەوە سەبکی گشتی و شێوازی تاکەکەسی شاعیران دەسنیشان دەکرێن. (مختار ابراهیمی) ئەم ڕەگەزانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەسنیشان کردووە:

**یەکەم: ڕەگەزی زمانی**

**دووەم: ڕەگەزی دەربڕین (شێوازی بەیانی شاعیر)**

**سێیەم: ڕەگەزی مۆسیقایی (کێش و سەروا)**

**چوارەم: ڕەگەزی فۆڕم (قاڵبە شیعرییەکان)**

**پێنجەم: ڕەگەزی کۆمەڵایەتی (تونێکاری و ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی)**

**شەشەم: ڕەگەزی خەیاڵ (وێنەی شیعری)[ ابراهیمی ، ١٣٨٣: ٢٥].**

## ١. ٣: تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی

### ١. ٣. ١: زمان:

زمانی شاعیرانی بەرایی سەبکی بازگەشت تارادەیەک سادە و سەرەتایی بووە، بەڵام دواتر شاعیران بەهۆی پەروەردە بوونیان لەسەر سەبکی خوراسانی و عێراق، لە ڕووی زمانی شیعرییەوە بەرەو لوتکە هەڵدەکشێن و هەندێجار زمانی شیعری ئەم شاعیرانە لە شیعری شاعیرانی کۆن جیاناکرێنەوە.[ شمیسا ، ١٣٨٢: ٣١٠ و ٣١١]. (ذبیح صفا) سەبارەت بە تایبەتمەندی زمانیی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی دەڵێ: هەمان زمانی کۆنی شاعیرانی پێش هێرشی مەغۆڵ و دوای مەغۆڵیان پێڕەو کردووە، وشە و زاراوە ئەدەبییەکان سادە و ڕەوانن هەروەها لە جوانکاری وشەیی و مانای بنچینەیی وشەکاندا ڕەچاوی سەبکی خوراسانی و عێراقیان کردووە.[ صفا ، ١٣٤٧: ١٩٥].

بێگومان زمانی سەردەم کاریگەریی بەسەر زمانی شیعری دەبێ، ئەگەرچی شاعیرانی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی تەواو هەوڵیان داوە لاسایی زمانی شاعیرانی سەبکی کۆن بکەن، بەڵام ((لە شیعرەکانیاندا دەکرێ کاریگەری زمانی سەردەم و تارادەیەکیش سەبکی هیندی دەسنیشان بکرێن.))

[ شاملو و دزفولیان، ١٣٨٨: ٩٣ و ٩٤]. بەشێوەیەکی گشتی زمانی شیعری سەبکی بازگەشتی ئەدەبی ((زمانێکی ڕەوان و بژاردەیە.))[ شمیسا ، ١٣٧٦: ١٩٦].

## ١. ٣. ٢: ناوەڕۆک

ناوەڕۆکی شیعر ((لە قەسیدەدا هەمان ناوەڕۆکی باوی سەردەمی غەزنەوی و سەڵجووقی و لە غەزەلدا هەمان ناوەڕۆکی شیعری سەعدی و حافیزی شیرازی پێڕەو دەکرا و شاعیران هەوڵیان دەدا تا بکرێ بابەتی سەردەمی خۆیان لە شیعردا نەگوازنەوە، تاکوو شیعرەکانیان تەواو لە شێوەی پێشینانیان نزیک بێ.))[ شمیسا، ١٣٨٢: ٣١٦ و ٣١٧]. قەسیدە قاڵب و فۆرمێکی شیعری کلاسیکە و پتر بۆ بابەتی پیاهەڵدان و وەسف بەکار دێ. ناوەڕۆکی قەسیدە لە سەبکی خوراسانیدا تەغەزول و پیاهەڵدانە و لە سەبکی عێراقیدا وەسف و ئامۆژگاری و بابەتی دیکەشی پێ دادەڕێژرێ.[ شمیسا، ١٣٧٩: ٢٦٦]. بۆیە دەتوانین بڵێین لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ((قەسیدە لەم سەبکەدا خاوەن تایبەتمەندییەکی سەربەخۆ نییە و بەتەواوەتی لەبەرگیراوی وێنەی ڕەسەنی سەبکی خوراسانی و عێراقییە.))[ شمیسا، ١٣٧٦: ١٩٤]. پێکهاتەی قەسیدە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەسەر هەمان شێوەی دێرین بریتییە لە تەغەزول و تەشبیب و وەسفی سرووشت کە دواجار پیاهەڵدانی پاشا یان میرزادەیەک کۆتایی پێدێ.[ تجربەکار، ١٣٥٠: ١٧٦].

بەهۆی ئەوەی غەزەل شێوازێکی لیریکی و سۆزدارانەی هەیە و پتر سەبارەت بە عەشق و ئەوین و دڵداری و عیرفان و تەسەوف دەدوێ، لە زۆربەی سەبکەکاندا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هاوشێوەن. بۆیە شەمیسا پێیوایە: ناوەڕۆکی غەزەلی ئەم قۆناغە بەتەواوی بابەتی عەشق و دڵداری بەرجەستە دەکا و بابەتی عیرفان و تەسەوف بە پلەی دووەم دادەنرێ.[ شمیسا، ١٣٧٦: ١٩٦].

## ١. ٣. ٣: قاڵب و فۆرمی شیعری

قاڵبە باوەکانی شیعری کلاسیکی لە سەرجەم سەبکە ئەدەبییەکان بریتین لە: قەسیدە، غەزەل، چوارین، دووبەیتی، قەتعە و ...هتاد. لە سەبکی بازگەشتی ئەدەبیدا کە گێراوە و پوختەی هەر دوو سەبکی خوراسانی و عێراقییە، قەسیدە و غەزەل دوو قاڵب و فۆرمی باو و زاڵی شیعرین. ((قەسیدە لە دەربار و دیوانی پاشاکانی قاجاردا گرنگی پێدەدرا و قەسیدەبێژان لەلایەن پاشاوە خەڵات دەکران،))[ شمیسا، ١٣٨٢: ١٩٤].

غەزەلی سەبکی بازگەشت لەسەر بنەمای تایبەتمەندی غەزەلی سەبکی عێراقی و بەتایبەتی غەزەلی سەعدی و حافز بنیات نراوە. [تجربەکار، بانو نصرت، ١٣٥٠: ١٨٩]. بۆیە ئەم قاڵبە شیعرییە لەم سەبکەدا یەکێک لە قاڵبە شیعرییە باوەکان بوو. غەزەل لە سەبکی بازگەشتی ئەدەبیدا سەرجەمی تایبەتمەندییەکانی سەبکی عێراقی پاراست و پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە شێوازێکی جیاوازی شاعیرانی سەبکی عێراق وەکوو شێوازی سەعدی، حافیز، بابا فەغانی و تەنانەت هەندێ لە شاعیرانی سەبکی هیندیش و بێگومان هەندێجار غەزەلی بازگەشت کەمێک تازەگەریشی تێدا دەبینرێ. بە زمانێکی ڕەوان و بژاردە، بنیاتی بابەتی پێشینان گوڵبژێر کراوە و پوختەی شێوازی غەزەلی کۆن لە غەزەلی ئەم سەردەمدا چڕکراوەتەوە.))[ شمیسا، ١٣٨٢: ١٩٦]. واتا ڕۆحی غەزەلی پێشینان دووبارە بەبەر قاڵبی غەزەلی سەبکی بازگەشتدا هاتووەتەوە.

## ١. ٣. ٤: ڕەوانبێژی

شیعری هەموو سەردەمێک بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕازاوەتەوە و کەسایەتییەکی تایبەت بە شێوازی شیعری قۆناغەکە دەدا شێعری سەبکی بازگەشتیش بەدەر نییە لەم بنەمایە. لە بنچینەدا شێوازی بەردەست کردنی ئەم هونەرانە لای شاعیرانی سەردەمێکی دیاریکراو یان بزاڤێکی دیاریکراو، ناسنامەی هونەری سەبکی ئەدەبی پێکدێنن. کەواتە یەکێک لە ڕێگەکانی ناسینەوەی شێوازی سەبکە جیاوازەکانی ئەدەب، ڕەوانبێژییە. لە سەبک شوناسی شیعردا شێوازەکانی بەردەست کردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و تازەکردنەوەیان و دووبارەبوونەوەی ئەم تازەگەریانە لای شاعیران، بنەمای سەبکی ئەدەبی پێکدێنن. سەبارەت بەم بۆچوونە (مختار ابراهیمی) دەڵێ: بەهۆی ئەوەی پێکهاتەی ئەندازەیی خەیاڵی شاعیر لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا خۆی دەنوێنێ و جوانی هونەرەکەی لە چوارچێوەی خواستن و چواندنەکاندا بەدیاردەکەوێ، بۆیە هەڵسەنگاندنی

ڕەگەزی خەیاڵ لە شیعردا بەپێویست دادەنرێ. ئەوەی لە سەبک شوناسی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعردا گرنگە، تازەبوون و دووبارەبوونەوەیە؛ چونکە سەبکی شاعیر لە تازەبوون و دووبارەبوونەوەدا دەسنیشان دەکرێ.[ ابراهیمی، ١٣٩٢: ١٩].

لە شیعری سەردەمی بازگەشتی ئەدەبی سەرجەمی هونەرەکانی ڕەوانبێژی ئەدەبی کلاسیکی لە هەر سێ ئاستەکەدا دەبینرێ وەکوو خواستن، چواندن، درکە، خوازە، ڕەگەزدۆزی، پێچ و پەخش و ...هتاد.

## ٢: سەبک شوناسی شیعری کلاسیکی کوردی

### ٢. ١: سەبکی بازگەشت لە ئەدەبی کوردیدا

قوتابخانەی شیعریی بابان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هاوسەردەمی سەبکی بازگەشتی ئەدەبییە. لە بنچینەدا سەبکی بازگەشتی ئەدەبی سەردەمی بوژاندنەوەی ئەدەبی فارسییە و قوتابخانەی بابانیش سەردەمی بووژاندنەوەی ئەدەبی کوردییە. (مارف خەزنەدار) لە بەرگی سێیەمی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا دەرکەوتنی شێوازی بابان بە ڕێنسانسی ئەدەبی کوردی دەزانێ و ئاماژە بە خوێندەواربوونی شاعیرانی کورد و تێگەیشتنیان لە شیعری هاوبەشی ئیسلامی دەکا و دەنووسێ: ((شاعیرانی ئەم ڕۆژگارە لەبەر ئەوەی خوێندەواری باشیان هەبوو لە زانستییەکانی ئەو سەردەمە و زۆر چاک لە شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی (عەرەبی- فارسی- تورکی عوسمانی) گەیشتبوون وابوو هەر لەسەر ڕێگە و شوێن تاقیکردنەوەکانی ئەم دەسگایە شیعری کوردی نوێیان دامەزراند.))[ خەزنەدار، ٢٠١٠: بەرگی ٣، ٥٤]. بەم پێیە قوتابخانەی بابان بەهۆی شارەزایی شاعیرانی بە ئەدەبی فارسی و هاوسەردەم بوونی لەگەڵ قۆناغی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی لە ئێراندا، بە ئاراستەی سێیەمی ئەم سەبکە دادەنرێ.

نالی و هاوڕێکانی کە لە سەرەتای سەدەی سێزدەم ئەم قوتابخانە ئەدەبییەیان دامەزراند، پەروەردەی مەکتەبخانە و حوجرە بوون و لە ڕێگەی ئەم ناوەندانەوە تەواو شارەزای شێوازی ئەدەبی و بزاڤە ئەدەبییەکانی زمانی فارسی بوون. دیوانی ئەم شاعیرە مەزنانەی گەلی کورد گەواهیدەری ئەم شارەزاییەیانە. نالی و هاوڕێکانی لەسەر شێوازی حافز و سەعدی غەزەل دەنووسن و قەسیدەکانیان بە شێوازی سەبکی خوراسانی دارشتووە، ئەوە جگەلە تایبەتمەندییە کەسی و شێوازی تاکەکەسیان، کە وایکردووە کۆمەڵە شاعیرێکی دیکەی وەکوو حاجی، مەحوی، وەفایی و ...هتاد شوێنیان کەون.

بە وردبوونەوە لە شیعری قوتابخانەی بابان دەردەکەوێ، شێواز و سەبکی بازگەشتی ئەدەبی بەڕادەیەکی بەرچاو کاریگەری بەسەر شێواز و سەبکی شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە هەبووە. ئەم کاریگەری و ڕەنگدانەوەیە بەتایبەتی بەسەر شاعیرانی چینی دووەمی ئەم قوتابخانەیە وەکوو وەفایی بەرچاو و ئاشکراترە. شیعری ئەم شاعیرە لە ڕووی شێواز و سەبکی شیعرییەوە، خاوەن تایبەتمەندی سەبکی بازگەشتی ئەدەبییە، چ لە ڕووی زمانەوە چ لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە. زمانی شیعرەکانی سادە و ڕەوان و وشە و دەستەواژەکانی بەتایبەتی لەوانەی کە لە ئەدەبی ئیسلامیدا هاوبەشن، هاوشێوەی سەبکی خوراسانی و عێراقین، لە ڕووی قاڵب و ناوەڕۆکی شیعرییەوە قاڵبی قەسیدە و غەزەلی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی و مەبەستە شیعرییەکانی ئەم سەبکەی پێڕەو کردووە.

## ٣: تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگشت لە شیعرەکانی وەفاییدا

### ٣.١: ڕووخساری شیعری وەفایی

**٣.١.١: زمانی شیعری:** لەبەر ئەوەی شیعر هونەرێکی زمانییە و کەرەستەکەی زمانە، بۆیە زمانی شیعری لایەنێکی دیاری لێکۆلینەوە شێوازییەکانە، چونکە ((شێوازگەری هەوڵی شیکردنەوەی شێوازی نووسینی دەقی شیعری دەدات لە پێناو ڕوونکردنەوەی ئەو بنیادە زمانییەتایبەتییەی کە شاعیر شیعرەکەی لەسەر دامەزراندووە، چونکە بنیادی زمانی ڕاستەوخۆ کار لە واتای شیعرەکە دەکات )) [ابراهیم،٢٠١٢: ٩٧].

زمانی شیعری لادانە لە بەکارهێنانی ئاسایی زماندا، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە((شاعیران زمان بە شێوەی ئاسایی بەکار ناهێنن، بەڵکو بە جۆرێک بەکاری دێنن کە جۆرە ئەفسوونێکی تایبەت ببەخشێت))[ قادر، ٢٠١٢:٣٩].

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری لە سەبکی بازگەشتدا ئەوەیە کە زمانی شیعری بەرەو سادەیی هەنگاوی نا، تا ڕادەی ئەوەی هەموو کەس بتوانێت لە شیعرەکان بگات. وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا:

گوڵئەندام ئەی تەنافی گەردەنم زوڵفی پەرێشانت

عیلاجێ چارەیێ روحمێ ئەمان دەستم بەدامانت [دیوان، ١٩٧٨: ٢٧]

ئەگەر سەیری وشەکانی ناو دێڕە شیعرەکە بکەین ( گوڵئەندام، تەناف، گەردەن، زوڵف، پەرێشان، عیلاج، چارە، روحم، ئەمان، دەست، دامان) هیچ وشەیەکی تیا نییە کە لەلای خوێنەری کورد زمان ئاڵۆز بێت و لێی تێنەگات، تەنانەت ئەو وشانەی ئەگەر کوردیش نەبێت، ئەوەندە لە زمانەکە بەکار هاتووە خوێنەر هەست بەوە ناکات کە وشەکە کوردی نییە.

گوتم دا رووومەتت وا بێنە بگرم زوڵفەکەت فەرمووی

بلا گوڵ تێک نەچێ بولبول نەسووتێ چت لە پەرژینم[دیوان، ١٩٧٨: ٦٧]

ئەگەر سەیری زمانی دێڕە شیعرەکە بکەین سەرجەمی وشەکانی کوردین و تەنانەت یەک وشەی بێگانەی تیا نییە و خوێنەری کورد ئاشنایەتی تەواوی هەیە لەگەڵ وشەکان، ئەم سادەییەی زمانە شیعرییەکە تایبەتمەندی سەبکی خۆڕاسانییە لە سەبکی بازگەشتدا هەیە.

لەبەر ئەوەی سەبکی بازگەشت گەڕانەوە بوو بۆ سەبکی عێراقی و خۆڕاسانی، بۆیە زۆر جار شاعیرانی ئەم سەبکە لە پاڵ بەکار هێنانی زمانە سادەکە، وەک لاسایی کردنەوەی شاعیرانی سەبکی عێراقی وشەی فارسی و عەرەبی لە شیعرەکانیاندا بەکار دێنن، زۆر جاریش زمانە شیعرییەکە بە تەواوی لە سەبکی عێراقی نزیک دەبێتەوە. وەک لەم نموونانەدا.

تابی گێسووت وەقتی خەندە تابشی رووت بوو وتم

نەردەبانی عەرشە پایەی لامەکان مایەی حوزوور[دیوان، ١٩٧٨: ٢١١]

وشەکانی دێڕە شیعرەکە ( تاب، گێسوو، تابش، نەردەبان، لا مەکان، حوزوور) سەرجەمیان فارسی و عەرەبین، ئەم تێکەڵیەی زمان لە شیعردا تایبەتمەندی تەواوەتی سەبکی عێراقییە، بەڵام شاعیر وەک لاسایی کردنەوەی شاعیرانی سەبکی عێراقی ئەم جۆرە زمانە شیعرییە بەکار دێنێت.

هەندێک جار لەناو دێڕە شیعرەکاندا وشەی فارسی زیاترە لە وشەی عەرەبی و بە پێچەوانەشەوە، وەک لەم نموونەدا

بە حەققی نوری وەجهی پاک و بێ مانەند و بێ میسلت

بە ئیسمی ئەعظمی خۆت ئەی خودای سەتتار و دانا کەم[دیوان، ١٩٧٨: لا ٨٠]

ئەگەر سەیری وشەکان بکەین( حەق، نور، وەجهی، میثل، ئیسم، ئەعظم، سەتتار ) سەرجەمیان وشەی عەرەبین و ڕێژەکەیان زۆر لە وشە کوردییەکان زیاترە.

## ٣.١.٢: کێشی شیعر

شاعیرانی سەبکی بازگەشت هەر وەکو شاعیرانی سەبکی عێراقی کێشی عەرووزیان بەکار هێناوە، چونکە ((لاسایی کردنەوە و پێڕەوی کردنی ڕێو شوێنی شیعری کلاسیکی عەرەبی و ئیسلامی یەکێکە لە خاسیەتەکانی شیعری کلاسیکی کوردی))[کاکی، ٢٠٠٨: ٧٣]. لەگەڵ ئەمەشدا وەک تایبەتمەندییەکی سەبکەکە کێشی برگەیشیان بەکارهێناوە، شیعرە کوردی و فارسییەکانی دیوانی وەفایی زۆربەی هەرە زۆری بەکێشی عەرووزی نووسراون، وەفایی لە شیعرە کوردییەکانیدا حەوت جۆر کێشی عەرووزی بەکار هێناوە بەم شێوەیە ( هەزەج، ڕەمەل، ڕەجەز، موزاریع، بەسیت، موجتەس، سەریع).

((سەرجەمی شیعرە کوردییە عەرووزییەکانی دیوانی وەفایی(١٢٥) شیعرە، ٧٥ شیعر کێشی هەزەج ، ٣٩ شیعر کێشی ڕەمەل، ٥ شیعر کێشی ڕەجەز، ٣ شیعر موزاریع، بەسیت و موجتەس و سەریع هەریەکەیان یەک شیعر)) [گەردی، ٢٠٠٣: ٧٢٩]

سەرجەمی شیعرە فارسییەکانی (٨٩) شیعرە، بە کێشەکانی ( هەزەج، ڕەمەل، موزاریع، ڕەجەز، خەفیف، موجتەس، مونسەریح) نووسراون.

یەکێک لە تایبەتمەندی کێشی شیعر لای شاعیرانی سەبکی بازگەشت ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیان یەک ئاوازەیان هەیە (بحری

یک نواخت)، مەبەست لێی ئەوەیە زیاتر ئەو کێشانە بەکاردێنن کە لە دووبارە بوونەوەی یەک تەفعیلە پێکدێت وەیان بە نۆرە دووبارە دەبنەوە، عەرووز و زەربەکانیش بەهەمان شێوە بەکەمی جیاواز دەبن، بەمەش یەک ئاوازی لە شیعرەکان دروست دەبێت.

زۆربەی هەرە زۆری کێشی شیعری شاعیرانی بازگەشت بەگشتی و وەفایی بە تایبەت هەزەج و ڕەمەلە، ئەمەش بەهۆی گونجانی هەردوو کێشەکەیە لەگەڵ سرووشتی زمانی کوردی.

نموونە بۆ هەردوو قاڵبەکێشەکە:

کێشی هەزەج: هەزەجی هەشتی تەواو( مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەکو بولبول/ بە ڕووح و دڵ / شەو و ڕۆژ بوو/ مە سەودای

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

هەموو عومری/ عەزیزم چوو/ لە ڕێی خەندێک/ بە خۆڕایی [دیوان، ١٩٧٨: لا١٠٦]

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

کێشی ڕەمەل: ڕەمەلی هەشتی مەحزووف(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

هەر کە دی جەن/ نەت بە ڕوودا / زوڵفی پڕ تا / بی شکا

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

تاری سونبول/ حورمەتی گوڵ / بەرگی سیرا / بی شکا [ دیوان، ١٩٧٨: لا١٤]

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

بازگەشتی ئەدەبی واتە گەڕانەوە بۆ سەبکی خۆراسانی و عێراقی، بە دیاریکراویش کێشی شیعر و زمانە شیعرییەکەیە، ئەوەی تایبەت بێت بە کێشی شیعر ئەوەیە کە لەپاڵ کێشە عەرووزییەکە کێشی برگەییش بەکارهاتووە، وەفایی وەک شاعیرێکی سەردەمی سەبکی بازگەشت لەپاڵ کێشە عەرووزییەکە کێشی برگەی بەکار هێناوە.

لە دیوانی وەفاییدا حەوت شیعری بە کێشی برگە نووسراوە، بەم شێوەیە:

لە ڕەوی پیتی(م) دا و لە لاپەڕەی (٤٨) دا، هەشت پێنجینی نووسیوە بەکێشی برگەییە (١٥، ١٦، ١٧برگەیین).

ئە/ ڕێ/ئەی/ بە /زوڵ/ف و/ ڕوخ/سار /سە/ نە/ی/چین/ماه/ تا/ بم (١٥)برگە

دە/مە/کە و/خەن/دە/کە و/نی/گا/ هت/ ن/مە/ک و/مە/زەی/ شە/ ڕا/ بم (١٧)برگە

من/ لە/ بەر/نی/گا/هت/ بم/رم/ تۆ/ سە/ر و/غەم/زە/کەی/جە/لا/ بم (١٧) برگە

ب/ ێ/ پێم/گو/ڵە/ کەی/بە/ ها/ ری/لە/ تۆ/ تا/ بە/ کەی/ جو/ دا / بم (١٧)برگە

وە/رە/وە/ بە/ شەر/تی/ جا/ران/ ڕۆ/ ژی/سەد/ جا/ رت/فی/ دا / بم (١٦)برگە

کێشی چواردە برگەیی:

ئەی/ نەش/ئەی / خەن/ دەی/ زا/ رت/ شی/ رین/ کا/تی حە/ یا/ تم

عیش/وەی/زوڵ/ف و/عو/زا/رت/ موژ/دەی/شە/وی/ بە/ را/ تم [ دیوان، ١٩٧٨: ٥٦]

کێشی دوانزە برگەیی:

ئا/ ڕەق / ڕووی/ دا/ گر/ تی/ لە/ بەر/ پێ/ کە/ نی/ نت

شەب/ نم/ لە / گوڵ/ با/ ری/ ڕۆ/ ژی/ گرت / پەر/ وی/ نت [دیوان، ١٩٧٨:٣٠]

کێشی دە برگەیی:

ها/تە /دەر /وەک /ڕۆژ/ شای/ شە/کەر/ لێ/ وان

غەم/زە/کە و/ ڕەم/زەی/ تور/ کی/ پێش/ تا/ زن [دیوان، ١٩٧٨:٨٨]

### ٣.١.٣: سەرواى شيعرى

سەرواى غەزەل و قەسیدە لە سەبکی بازگەشتدا هەمان تایبەتمەندی سەبکی عێراقی و هیندی هەیە، لە دەنگەکانی سەروا و پابەندبوون بە ڕەوی شیعری و لەگەڵ بوونی پاش سەروا دا، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگەشت کە لە سەبکی عێراقیشدا هەیە بوونی پاش سەروایە.

پاش سەروا: بریتییە لە((وشەیەک یا دەستەواژەیەک کە لە دوای سەروا دێت و بە هەمان مانا دووبارە دەبێتەوە، نابێت ماناکەی لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی دیکە بگۆڕدرێت، ئەگەر ماناکەی گۆڕدرا ئەوا دەبێتە سەروا))[ عزیز، ٢٠١٦: ١٧٦].

وەفایی لە شیعرە کوردییەکانیدا (٤٤) شیعری پاش سەرواى هەیە، لە شیعرە فارسییەکانیشدا (٣٤) شیعری پاش سەرواى هەیە.

نموونە بۆ پاش سەروا لە شیعرە کوردییەکانی:

یارم کە قەدی بەرزی سەد نەخلی شەجەر دێنێ

پەروینی شەکەر بەندی سەد ڕشتە گوهەر دێنێ [دیوان، ١٩٧٨: ٢٠٢]

(دێنێ) لەهەردوو نیوە دێڕەکەدا پاش سەروایە، مەرجی بوون بە پاش سەرواش ئەوەیە کە لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی بە هەمان مانا دووبارە بێتەوە.

نموونە بۆ پاش سەروا لە شیعرە فارسییەکانی:

صبا از من بگو با ان مه نا مهربان امشب

دمی ارام جان باشد كه رفت ارام جان امشب [دیوان، ١٩٧٨ : ٢٣٢]

(امشب) لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا پاش سەروایە و بە هە هەمان مانا دووبارە بۆتەوە.

قاڵبی شیعری: غەزەل و قەسیدە لە سەبکی بازگشتدا بە هەمان قاڵبە شیعرییەکانی سەبکی عێراقی نووسراوە.

لە دیوانی وەفاییدا ئەم قاڵبە شیعرییانە بوونی هەیە( غەزەل، قەسیدە، تەرجیع بەند، چوارین، تاک بەیت، مەسنەوی، پێنجین )، ئەم قاڵبە هاوبەشانە یەکێکە لە تایبەتمەندی گەڕانەوەی شاعیران بۆ سەبکی عێراقی، هەروەها تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگشت.

### ٣.٢ : ناوەرۆکی شیعری

**٣.٢.١: غەزەلی دڵداری:** بە شێوەیەکی گشتی ناوەرۆکی غەزەلی دڵداری لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی کورد و فارس و عەرەبدا خۆشەویستییە ( مەعشووق لە غەزەلی دڵداریدا سێ جۆرە، یان لە سەر ئەرزە وەک غەزەلی دڵداری ئاسایی، یا مەعشووق لە ئاسمانە کە مەبەست خوای گەورەیە وەک لە غەزەلی عاریفانەدا، یا مەعشووق جارێک زەمینییە و جارێک ئاسمانییە )[ شمیسا، ١٣٩٤: ١٣٥]. ناسکی لە فیکر و بە هێزی موسیقا و ڕەنگینی و جوانی لە دارشتندا تایبەتمەندییەکی هاوبەشی سەبکە شیعرییە کلاسیکییەکانە بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی سەبکی بازگەشت لە سەبکە شیعرییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، بە هێزی لایەنی موسیقای دەقە شیعرییەکانییەتی جگە لە تایبەتمەندییە کلاسیکییە گشتییەکە.

زمانی شیعر و مۆسیقای شیعر دووانەیەکی لەیەک دانەبڕاوە، هەروەک لە پێشدا ئاماژەی پێکراوە شیعرەکانی وەفایی بە شێوەیەکی گشتی لە رووی زمانەوە سادەن، ئەم سادەییەی زمان لەگەڵ مۆسیقا بە هێزەکەی گونجانەکی تەواوی دروست کردووە، چونکە (( تایبەتمەندییەکی هەرە دیاری لیریک ئاوازدارییە و خەسڵەتێکی فۆنەتیکی مۆسیقایی هەیە))[ محمد، ٢٠١٥: ٣٢]، هەر بۆیە زۆرێک لە شیعرەکانی وەفایی کراوەتە گۆرانی، وەسفی وردی ئافرەت و چوواندنی بە سروشت و جوانییەکانی سروشت ناوەرۆکێکی دڵدارییانەی بە شیعرەکانی بەخشیوە، چونکە ((چونکە سروشت دەربڕی بیر و ئەندێشە و ژانی مرۆڤی سەردەمەکەیەتی))[ محمد،٢٠٠٧: ١٠٩]. وەفایی هەروەک شاعیرانی دیکەی کلاسیکی کوردی لە وەسفدا باڵا دەست بووە، ئینجا وەسفی سرووشت بێت یان مرۆڤ، تەنانەت لە وەسفی شێخەکەیدا بە جۆرێک وەسفی دەکات وەک دوو عاشق و مەعشوق کە شەیدای یەکتر بن.

له شیعره بەناوبانگەکەیدا( شیرین تەشی دەڕێسێ) وەفایی لە وردی وەسف و جوانی و وێنەی یاردا، تابلۆیەک لە جوانی نیشانی خوێنەر دەدات کە دەڵێت:

لەبانی عارەقی ڕشت لە پێکەنینی زاری

بەخەندە غونچە گوڵ بوو گوڵاوی لێ دەباری

وتم بفەرمووە سەر دوو چاوی من بەیاری

بە چاوی من ببینن تەلیسمی سیحر کاری

کە سەروی جوێباری شیرین تەشی دەڕێسێ [ دیوان، ١٩٧٨:١٩٣]

شاعیر بە کۆمەڵێک لێکچوواندن و خواستن وەسفی( شیرین)دەکات، بە جۆرێک کە شیلەی لێوەکانی(لەبانی) و جوانی پێکەنینی بە گوڵ و گوڵاو و بەرزی باڵاکە بە سەرو وەسف دەکات، ئەم زیادە ڕۆییە لەوەسفکردندا بنەمایەکی غەزەلی دڵدارییانە بە شیعرەکە دەدات و شیعرەکە دەخاتە قاڵبی غەزەلی دڵداری.

بنەمای وەسفی یار و ناوەرۆکە دڵدارییەکەی غەزەل و قەسیدە لە سەبکی بازگەشتی ئەدەبیدا، هەمان بنەمای سەبکی عێراقییە، چونکە لە بنەڕەتدا بازگەشتی ئەدەبی گەڕانەوەیە بۆ سەبکی عێراقی و خوراسانی.

وەفایی لە غەزەلێکی دیکەیدا بە کۆمەڵێک وەسفی جوان و لێکچوواندن باسی دووری یار و نەگەیشتن بەیار دەکات، دابڕان و نەگەیشتن بەیار تایبەتمەندییەکی هاوبەشی غەزەلی دڵدارییە لە نێوان سەبکی (عێراقی، هیندی، بازگشت) دا.

نیگارا ئەی بە غەمزە ئافەتی دڵ چاوی بیمارت

ئەمان سەر تا قەدەم سووتام لە دووری نووری دیدارت

دەسا ڕوحمێ وەفا دارم بە حاڵی داد و هاوارم

کە وەک بولبول دڵی زارم دەناڵێ بۆ گوڵی زارت [دیوان، ١٩٧٨: ٢٤]

وەک لە نموونە شیعرییەکەدا دیارە شاعیر باس لە دووری یار دەکات کە چۆن ئاگری تێبەرداوە و شاعیر داد و هاوار دەکات بۆ دووری یارەکەی، چۆن بولبول لە دووری گوڵ شیوەن دەگێڕێت ئاواش دڵی شاعیر لە دووری یاردا شیوەن دەگێڕێت.

لە غەزەلی سەبکی بازگەشتدا مەعشووق پلەیەکی بەرزی هەیە، هەر بۆیە شاعیرانی ئەم سەبکە لە وەسفی مەعشووقدا بە جۆرێک وەسفی دەکەن کە گەیشتن بە مەعشووق مەحاڵ بێت.

وەفایی لە وەسفی مەعشووقدا دەڵێ:

گوڵ ئەندام ئەی تەنافی گەردەنم زوڵفی پەرێشانت

عیلاجێ چارەیێ ڕوحمێ ئەمان دەستم بە دامانت

غەریبی تۆم نەخۆشی تۆ بە گۆشەی چاوی بیمارت

ئەسیری تۆم شەهیدی تۆ بە نووکی تیری موژگانت [دیوان، ١٩٧٨:٢٧]

شاعیر خۆی دەستە و دامانی یار دەکات بۆ گەیشتن بە یارەکەی، تکا دەکات کە ئەسیر و غەریب و شەهیدی گەردەن و زوڵف و چاوی یارە. ئەم بەرزییەی پلەی مەعشووق و خۆ نزمکردنەوەی شاعیر بەرانبەر بە مەعشووق تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی لە شیعرەکانی وەفاییدا.

**٣.٢.٢: بابەتی سۆفیگەری:** سۆفیگەری وا ناسێنراوە کە ((بە گشتی فەلسەفەی ژیانێکی تایبەتییە و ڕێگایەکی دیاریکراوە لە ئاکار و هەڵس و کەوتی ڕێبوار بۆ گەیشتنە ترۆپکی ئەو ڕەوشتەی خوا شایانی پێغەمبەر(د.خ) ی دیوە))[ شوان،٢٠١٤: ٢٥]. سۆفیگەری و شیعری سۆفیانە لە غەزەل و قەسیدەی شیعری کلاسیکدا بابەتێکە شوێن و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە چونکە ((یەکێک لەو دیاردە کاریگەر و بەرچاوانەی فیکری ئیسلامی هەروەک سەرجەم فیکری مرۆڤایەتیش کە پەیوەندییەکی پتەوی بە ئەدەبەوە هەبووە و هەیە تەسەوفە))[محمد، ٢٠١٥: ٢٧]،

مەلای جزیری و مەحوی دوو نموونەی زیندووی دونیای عیرفانن لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا، وەفایی وەک سۆفییەکی تەریقەتی نەقشبەندی شێخ عوبەیدواللەی نەهری بەڕابەری خۆی دەزانێت و لەکاتی دوورکەوتنەوەی شێخەکەی بۆ مەککە و تائیف وەک سۆفییەک چەند شیعرێکی سۆفیانەی بۆ دەنووسێت، ڕەنگدانەوەی ئەم ناوەڕۆکە سۆفیگەرییە لە شیعردا تایبەتمەندییەکی دیاری سەبکی بازگەشتی ئەدەبییە. هەواڵی ڕۆیشتی شێخ بۆ مەککە وای لە وەفایی کردووە کە شیعرێکی سۆفیانەی پڕ لە وشە و زاراوەی سۆفیانە(پیری موغان، نەشئە، جەزبە، مەقام، پیری مەیخانە) بنووسێت و شین و واوەیلا بکات بۆ دوور کەوتنەوەی شێخ بە جۆرێک کە چاوەکانی لەبەر گریان سوور بۆتەوە کە دەڵێ:

لە باغان ئاهو ناڵین دێ دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆیی

لە مەیخانان سەدای شین دێ مەگەر پیری موغان ڕۆیی

لە دووری تۆ وە سوور بوو چاوەکەم بەو گریە مەعلوومە

شەفەق دێ کەوکەبیش هەڵدێ کە میهری خاوەران ڕۆیی [دیوان، ١٩٧٨:١٤٤]

هەر بۆ دووری شێخ دەڵێ:

حەریقی ئاوری دووریم داغداری زوڵفی جانانە

ئەگەر بایێ لە لای قیبلەم نەبێ حاڵم پەرێشانە

نەسیمی سوبحدەم قوربانی نەشئەکەی تۆزی ڕێگاتم

غەریبم بێ کەسم جەزبەڕووح و دڵم سووتاوی هیجرانە

شەهیدی تیغی ئەبرۆتم بە جەزبە ی خاڵەکەی چاوت

مەقامم قابە قەوسەینە لە سایەی پیری مەیخانە [دیوان، ١٩٧٨:١٤٤]

دیارە دووری شێخەکەی زۆر کاری تێکردووە و ئاگری تێبەرداوە، بۆیە خۆی دەخیلی بای بەرە بەیان دەکات بەڵکو کەمێک لە تۆز و غوباری قیبلە(مەککە) لەگەڵ خۆی بێنێ بۆ ئەوەی تۆزێک لە غەمی دووری کەم بکاتەوە، چونکە تۆز و غوبارەکە بۆنی شێخی هەڵگرتووە. وەفایی خۆی دەستە و دامانی ساقی دەکات و داوادەکات لەبەر خاتری پیری مەیخانە ( شێخی تەریقەت) پیالەیەک شەڕابی عیشقی خودایی بۆ بێنێت تاکو بەیادی دووری شێخ بیخواتەوە بەڵکو کەمێک ئارامی پێ ببەخشێت، هەروەها داوا لە ساز لێدەر دەکات ئاوازێکی وای بۆ بژەنێت کە وەکو ئاوێک بێت بۆ ئاگری دووری شێخەکە.

ئەلا ئەی ساقی مەستان بەحەققی پیری مەیخانە

بەگەردش بێنە جامی مەی بە یادی چاوی جانانە

ئەمان ئەی موتریبی مەجلیس بە حەققی تاری ڕووحانی

بڵا بێ نەغمەکەی سازت کە ئاوی ئاوری هیجرانە[دیوان،١٩٧٨: ١٤١]

**٣.٢.٣: بابەتی ئاینی:** جگە لە شیعری سۆفییانە، شیعری ئاینی لە لای شاعیرانی کلاسیکی کوردی بە گشتی جێگای بایەخ پێدان بووە، ئەم بایەخ پێدانەی شاعیران بە شیعری ئاینی لە ژێر کاریگەری ئاینی پیرۆزی ئیسلام و کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی عەرەبی و فارسی بووە. لە دوا جاریش بۆتە بەشێک لە شێوازی شیعری شاعیرانی کلاسیک لەسەبکی (عێراق و هیندی و بازگەشت)دا، وەفایی هەروەک شاعیرانی سەبکی عێراقی و هیندی دەست ڕەنگین بووە لە نووسینی شیعری ئاینی، لە شیعرێکیدا خۆی دەستە و دامانی پێغەمبەر(د.خ) دەکات و وای نیشان دەدات کە کەسێکی گوناحبارە و هیچ کردەوەیەکی وای نییە تاکو بچێتە بەهەشت، بۆیە داوای شەفاعەت دەکات.

یا ڕەسول الله دەخیلەک ڕووم نییە بێمە حوزوور

وەک دزان گەردەن کەچ و شەرمەندە وێستاوم لە دوور

گەرچی سەرمایەم نییە خۆ مستەحەققی ڕەحمەتە

ڕەنگی زەرد و ڕویی ڕەش مووی سپی و فرمێسکی سوور [دیوان،١٩٧٨ : ٢١٠]

**٣.٢.٤: لایەنی ڕەوانبێژی:** ڕەوانبێژی ڕووحی ئەدەبە، بابەتێکی گرنگ و سەرەکییە لە شیعری کلاسیکدا، شیعری کلاسیکی کوردی بە شێوەیەکی گشتی (( لە ڕووی وەستاکاری دەق و کەرەستەی جوانکاری هونەری و بابەتە ئیستاتیکییەکانی وەک بەکار هێنانی وێنەی شیعری و ڕەمز و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و لایەنەکانی تری شیعری کلاسیکی کوردی بە شێوەیەکی گشتی لاسایی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتە ))[مەلازادە، ٢٠١٠:١٢٨]. شاعیرانی کلاسیکی کوردی بایەخی تایبەتیان بە بابەتی ڕەوانبێژی داوە بۆ ڕازاندنەوەی دەقە شیعرییەکانیان. هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە هەر سێ بەشەکەیەوە( ڕوونبێژی، جوانکاری، واتاناسی) هۆکارێک بوون بۆ نیشاندانی دەست ڕەنگینی شاعیر و بەرزکردنەوەی ئاستی دەقە شیعرییەکان، ڕەوانبێژی پێوەرێکە بۆ جوانناسی دەق و لایەنێکی گرنگی شێوازی دەقە.

دەقە شعرییەکانی سەبکی بازگەشت هەر وەک سەبکی (خۆراسانی و هیندی و عێراقی) گرنگی تەواو بە بابەتی ڕەوانبێژی دەدات، بەتایبەتیش هونەرەکانی (لێکچوواندن و خواستن) چونکە لە سەبکی خۆراسانی و عێراقیدا ئەم دوو هونەرە بایەخی زۆری پێدەدرا، لە پاڵ ئەم دوو هونەرە گرنگی بە هونەری پێچ و پەخش دەدرا، چونکە ئەویش لەسەر بنەمای لێکچوواندن یاخود گونجان و بە یەکەوە هاتن دروست دەبێت، بازگەشتی ئەدەبی بەهەمان شێوەی هەردوو سەبکە شیعرییەکان گرنگی زۆر بەو هونەرانە دەدات و بۆتە بەشێک لە تایبەتمەندی دیاری شێوازی سەبکە شیعرییەکە، چونکە هەر لە بنەڕەتدا شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی لە پێناسە گشتییەکەیدا بریتییە لە (( شێوازێکی هونەری بارکراو بە گەلێک گەمەی زمانی و هونەری سێ زانستەکانی ڕەوانبێژی لەگەڵ تیۆرەکانی کێش و سەروا و هی دیکەش، کە تایبەتە بە شیعر بە هەموو ئەوانەوە قەبە و بە نرخ و جوان و کاریگەر دەکەوێتە بەر گوێ))[ مستەفا، ٢٠١٢: ٢٥].

لە شیعرەکانی وەفاییدا زۆربەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هەردوو هونەری (لێکچوواندن و خواستن)، لە دوای ئەوانیشەوە هونەری پێچ و پەخش ڕێژەی بەکار هێنانیان لە سەرجەم هونەرەکانی دیکەی ڕەوانبێژی زیاترە، ئەمەش نیشانەیەکی شێوازی سەبکی بازگەشتە.

لێکچوواندن: هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی ئەوەیە ((شتێک بە شتێکی دی بچووێنی کە هاوبەش بن لە سیفەتێک یان زیاتر بەهۆی یەک لە ئەوزارەکانی باس کرابێ یا باس نەکرابێ ڕەوتی ڕستە ئاماژەی پێدەکات))[ گەردی،٢٠١٣: ١٢٠]. نموونە:

تاقی پەیوەستی ئەبرۆت وا بوو بە قیبلەی خاس و عام

کەعبە گەر بۆ خۆی بزانێ پشتی میحرابی شکا [ دیوان، ١٩٧٨:١٥]

وەک لە نموونەکەدا دیارە برۆی یار( لێچوو)، بە میحراب ( لەوچوو) چوێنراوە، ڕووی لێکچوون لە نێوانیاندا قەوسی و شێوە کەوانییەکە بەڵام باس نەکراوە، لێکچوواندنەکە بەبێ ئەوزارە.

دەڵێی چاوی منە هەوری بەهاری دەم بە دەم دەگری

دەڵێی ئاهی منە بەرق درەخشان ئاوری هێنا [دیوان، ١٩٧٨:١٧]

لە دێڕی دووەمدا، شاعیر ئاهی خۆی (لێچوو)، بە ئاگر (لەوچوو) چوواندووە، دیارە کە پەیوەندی نێوان ئاهی شاعیر و ئاگر گەرمییە، بەڵام لێکچوواندنەکە بەهۆی ئەوزاری (دەڵێی) زیاتر ڕوونکراوەتەوە.

دەسا ڕووحمێ وەفا دارم بەحاڵی داد و هاوارم

کە وەک بولبول دڵی زارم دەناڵێ بۆ گوڵی زارت[دیوان، ١٩٧٨:٢٤]

دڵی شاعیرکە (لێچووە) بە بولبول (لەوچووە) چووێنراوە، ڕووی لێکچوون لە نێوان دڵێ شاعیر و بولبولدا ناڵینە و (وەک) ئەوزارە، کەواتە لێکچوواندنەکە هەر چوار بنەڕەتەکەی لێکچوواندنی تیایە.

خواستن: هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی بریتییە لە (( بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی تربێجگە لە مانای دروستی وشەکە بە مەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وێچوون بێت، ئەبێ نیشانەیەکیش هەبێ کە ئێمە مەبەستمان بەم وشەیە مانا خواستراوەکەیە نەک مانا دروستەکە))[ گەردی، ١٩٧٢: ٦٩]. لە جوانیدا خواستن لە لێکچوواندن بەهێز ترە، چونکە لە خواستندا یەکێک

لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکەی لێکچوواندن نامێنێت.

خواستنیش دوو جۆری سەرەکی هەیە ( ئاشکرا، درکاو)

خواستنی درکاو: وا پێناسەکراوە کە ((ئەو خواستنەیەکە لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچوواندن (لێچو، لەوچوو) تەنها (لێچوو)ی مابێتەوە و لەگەڵ پەیوەستێکی لەوچوو ئەرکەکەی خۆی ئەدا کردبێ))[ مستەفا، ٢٠١١: ١٩٦].

دەست و دامان زوڵفەکەت کەوتۆتە بەر پێت و دەڵێ

تۆ غەنی من بێ نەوا تۆ پادشاە و من گەدا [دیوان، ١٩٧٨:١٣]

خواستن لە وشەی زوڵفەکەت دایە، بە مانای دروستی خوی بەکار نەهاتووە، چونکە سیفەتی مرۆڤ دراوە بە زوڵف، واتە بەکەس کردنی تیایە و زوڵف بەکەس چووێنراوە واتە(لێچوو) هاتووە, لەوچوو مرۆڤە و نەهاتووە، وشەی (دەڵێ) نیشانەی خواستنە، بەمەش خواستنی درکاو دروست دەبێت

خواستنی ئاشکرا: ئەمەش جۆرێکی دیکەی خواستنە ((ئەو خواستنەیە کە لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچوواندن (لێچوو، لەوچوو) تەنها لەوچووی مابێتەوە و بە ئاشکرا لەجیاتی وشەیەکی دیکە بەکار هاتبێت))[ مستەفا، ٢٠١١ :١٩٥].

قیبلەکەم بەو زاری هەروەک خونچەبۆیە پێکەنی

دا بڵێن خەندەی لە گوڵ دێ ئابرووی پەروین دەبا [دیوان، ١٩٧٨:٣]

خواستن لە وشەی (قیبلەکەم) دایە، شاعیر یاری بە قیبلە چوواندووە، واتە لەو چووەکە هاتووە، (یار) لێچووە نەهاتووە، پێکەنین نیشانەی خواستنە، بەمەش خواستنی ئاشکرا دروست دەبێت.

پێچ و پەخش: هونەرێکی جوانکاری وشەیە، بریتییە لەوەی کە (شاعیر چەند وشەیەک بێنێ پاشان بەقەد ژمارەی وشەکان وشەی دیکە بێنێ بەبێ ئەوەی ئاماژەکردن کە کامیان بۆ کامیان دەگەڕێتەوە)[ ، نورالدین، ٢٠٠٠ :٨٩]. دووجۆرە (ڕیک، نارێک)

پێچ و پەخشی ڕێک: بەشێکە لە هونەری پێچ و پەخش بریتییە لەوەی کە((چەند وشەیەک بێنی لەدوایش چەن وشەیەکی تر بێنی هەریەک لەم وشانەی دوایی سەر بەیەکێ بێ لەو وشانەی پێش خۆی بەپێی ڕیزبەندی))[ گەردی، ٢٠١٣ :٣٢١].

خاڵی دەمتە یا مەگەسی حوققەیی شەکەر

یاخۆ حەبەشی زادە لە نێو ئاوی بەقادا [دیوان، ١٩٧٨:٥]

سەرەتا (خاڵ)، (دەم) چووێنراوە بە (مەگەس)، (حوققەی شەکەر)، دوو وشەی سەرەتا(لێچووەکان) بە شێوەی ڕێک بەرانبەر دوو وشەی دوایی(لەوچووەکان) هاتوون، خاڵ بە مەگەس و دەم بە حوققەی شەکەر چووێنراوە، بەمەش پێچ و پەخشی ڕێک دروست دەبێت.

پێچ و پەخشی نارێک: ئەمەش جۆرێکی دیکەی پێچ و پەخشە، بریتییە لەوەی کە((چەند وشەیەک بێنی لەدوایش بۆ هەریەک لەم وشانە وشەی تر بێنی پەیوەندی بە بەراییەوە هەبێ بەبێ دەستنیشانکردن و بەرانبەر یەکیش نەبن لە ڕیزبەندیدا)) [ گەردی، ٢٠١٣ :٣٢٢].

بۆ زەوقی تەکەللوم کە دەمی هاتە تەبەسسوم

خەندەی لە دەمی غونچە و تەعنەی لە شەکەر دا [دیوان، ١٩٧٨:٨]

تەکەللوم کە مەبەست لێی قسەیە لەگەڵ تەبەسسوم واتە پێکەنین، لە دێری یەکەمدا بەرانبەر بە غونچە و شەکەر لە دێری دووەمدا هاتوون، تەکەللوم بۆ شەکەر و تەبەسسوم بۆ غونچە دەگەڕێتەوە بە شێوەی نارێک هاتوون، بەمەش پێچ و پەخشی نارێک دروست دەبێت.

**ئەنجامەکان:** دوای لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی شیعرەکانی وەفایی و نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی، ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم ئەنجامانە گەیشت.

١- سادەیی لە زمانی شیعردا تایبەتمەندییەکی دیاری سەبکی بازگەشتی ئەدەبییە و بە تەواوەتی لە شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە.

٢- لە ڕووی کێشی شیعرەوە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی دیوانی وەفایی( کوردی، فارسی) بە کێشە سافەکان و کێشە بە نۆرەکان نووسراون، لە کێشی بڕگەییدا شاعیر غەزەلی بە کێشی بڕگەیی نووسیوە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی کێش و مۆسیقای شیعرەکانی سەبکی بازگەشتە.

٣- لە ڕووی سەرواى شیعرییەوە، لە غەزەل و قەسیدەکانیدا وەک گەڕانەوە و لاسایی کردنەوەی سەبکی عێراقی پەیڕەوی سەروای کلاسیکی کردووە، جووت سەرواکانیشی گەڕانەوەیە بۆ سەبکی کۆنی شیعری کوردی. هەردوو جۆرەکەی سەرواش بەیەکەوە دەبێتە ڕەنگدانەوەی تەواوەتی سەبکی بازگەشتی ئەدەبی.

٤- لە ڕووی ناوەرۆکی شیعرییەوە، وەسفی مەعشووق و ناوەرۆکی دڵداری و شیعری سۆفیانە وئاینی و بەرز کردنەوەی پلەی مەعشووق و دابڕان و نەگەیشتن بە مەعشووق هەمان وەسفی سەبکی عێراقییە، ئەمەش بازدانە بەسەر سەبکی هیندی و گەڕانەوەیە بۆ سەبکی عێراق.

٥- لە ڕووی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە شیعرەکانی وەفایی بە شێوەی گشتی زۆربەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی تیایە، بەڵام هونەرەکانی لێکچوواندن و خواستن و پێچ و پەخش بە ڕێژەیکی زۆر زیاتر لە سەرجەم هونەرەکانی دیکەدا بەکارهاتوون، وەک نیشانەیەکی دیاری سەبکی بازگەشت.

## لیستی سەرچاوەکان:


### کتێب بە زمانی کوردی:

١- ابراهیم ، محمد عبدالکریم ،(٢٠١٢). پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە. هەولێر، چاپخانەی موکوریان.

٢- خەزنەدار ، مارف ، (٢٠١٠) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر

٣- شوان ، ئیبراهیم ئەحمەد ، (٢٠١٤). سۆفیگەری شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا(چاپی دووەم). هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

٤- عزیز ، هیوا نورالدین ، (٢٠١٦). عەرووزناسیی شیعری کلاسیکی کوردی. هەولێر، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران.

٥- قادر، خانزاد عەلی ، (٢٠١٢). زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی. هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

٦- کاکی، حەمە نووری عومەر، (٢٠٠٨). شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا(چاچی یەکەم). سلێمانی، چاپخانەی تیشک.

٧- گەردی، عزیز عبداللە ، (١٩٧٢). ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا(بەرگی یەکەم).سلێمانی چاپخانەی کاکەی فەللاح.

٨- گەردی، عزیز عبداللە، (٢٠٠٣).ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی. سلێمانی چاپخانەی دێکان.

٩- گەردی، محسن ئەحمەد مستەفا ، (٢٠١٣). بەهاری ڕەوانبێژی. هەولێر، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

١٠- مەلا زادە، ریبوار محمد ، (٢٠١٩). شێوازناسیی لە ئەدەبدا(چاپی یەکەم). هەولێر، دەزگای ئاوێر.

١١- مستەفا، ئیدریس عبداللە ، (٢٠١١). لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا. هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

١٢- مستەفا، ئیدریس عبداللە ، (٢٠١٢). شێواز. هەولێر، چاپخانەی منارە.

١٣- محمد، ئەنوەر قادر ، (٢٠٠٧). لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوەی(چاپی سێیەم). سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٤- (دیوان)میرزا عبدالرەحیمی ساباڵخی(وەفایی)، (١٩٧٨). بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

کتێب بە زمانی عەرەبی:

١٥- نورالدین، حسن محمد ، (٢٠٠٠). العقد البدیع فی فن البدیع. بیروت، دار المواسم.

کتێب بە زمانی فارسی:

١٦- بهار، محمدتقی ، (١٣٤٩) سبک شناسی جلد سوم، انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم، تهران

١٧- تجربه‌کار، بانو نصرت ، (١٣٥٠) سبک شعر در عصر قاجاریه، انتشارات توس، چاپ اول، تهران

١٨- رضازاده شفق ، (١٣١٣) تاریخ ادبیات ایران، چاپخانه فردین و برادر، چاپ ؟، تهران

١٩- لنگرودی، محمد شمس ، (١٣٦٧) گردباد شور جنون، نشر چشمه، چاپ دوم، تهران

٢٠- شمیسا، سیروس، (١٣٧٦) سیر غزل در شعر فارسی، انتشارات فردوس، چاپ پنجم، تهران

٢١- شمیسا، سیروس، (١٣٧٩) انواع ادبی، انتشارات فردوس، چاپ هفتم، تهران

٢٢- شمیسا، سیروس، (١٣٨٢) سبک‌شناسی شعر، انتشارات فردوس، چاپ نهم، تهران

٢٣- شمیسا، سیروس، (١٣٩٤). انواع ادبی، چاپخانه روحانی.٢٣- صفا، ذبیح‌الله (١٣٤٧) تاریخ علوم و ادبیات ایرانی، انتشارات ابن‌سینا، چاپ اول، تهران

٢٤- فریور، حسین ، (١٣٤١) تاریخ ادبیات ایران و تاریخ شعراء، چاپ اطلاعات، چاپ دهم، تهران

٢٥- مستعلی پارسا، غلامرضا، (١٣٩٥) نقد و بررسی سبک‌شناسانه‌ی دوره‌ی بازگشت، پژوهشنامه متن پژوهی ادبی، سال ٢٠، شماره‌ی ٦٨

**گۆڤار:**

به زمانی کوردی:

٢٦- محمد، ئەنوەر قادر، (٢٠١٥). شێواز(سبک)ی شیعری مەولەوی تاوگۆزی. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ.(٤٨)

به زمانی فارسی:

٢٧- ابراهیمی، مختار ، (١٣٨٣) تحقیقی در شعر بازگشت ادبی، نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه شهید باهنر کرمان، دوره جدید، شماره ١٥

٢٨- ابراهیمی،مختار ، (١٣٩٢) پژوهشی در سبک صور خیال شعر دوره‌ی بازگشت ادبی، پژوهش‌های نقد ادبی و سبک شناسی، سال چهارم، شماره‌ی ١٤

٢٩- شاملو اکبر ، و دزفولیان کاظم (١٣٨٨) بازگشت ادبی و مختصات زبانی شعرآن دوره، پژوهشنامه ادبیات فارسی، شماره ٥٩/٣